# فاڵ و خەون و شیعر

عومەر کەریم بەرزنجی



پێشبینی کردنی ڕووداوێك بەر لەڕوودانی یاخود توانای دیایکردنی شوێن و کاتی ڕووداوێك بەر لەڕوودانی لەتوانای هەندێك کەسدا هەیە, جاران بەو کەسانە دەگوترا (شامار-الصراف) گەلێك کەس بەر لەبەئەنجام گەیاندنی کارێك ڕوویان دەکردە شامار تا پێشبینی ڕووداوەکەیان بۆ بکات, دەگێڕنەوە کە گوایە یۆنانییە کۆنەکانی پێش زاین یەکێکیان کە ویستویەتی بڕوات بۆ ڕاوکردن , یان بۆ سەفەرێك پێش هەڵسان بەکارەکەی دەچووە لای شامار تاکو دڵنیا بێت لە مسۆگەرکردنی کارەکەی.

دەڵێن لەدوا حوکمڕانی عوسمانییەکان لە دەوروو بەری شاری چەمچەماڵ ناکۆکی و دوژمنایەتی هەبوو لەنێوان دوو تیرە یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتەکان چووەتەلای شاماری تیرەکەی هەتاکو متمانە بکات لە سەرکەوتنی بەسەر ئەو عەشیرەتەی کە دووژمنیەتی... ئەوەبوو شامار پێی گوت( ئەستێرەت لە ئاسمان نەماوە گەربچی بەگژیاندا دەیدۆڕێنی و دەفەوتێی ) بەڵام سەرۆك تیرەکە گوێی بەقسەکانی نەداو چوو بەگژ دوژمنەکەیداو بەتەواوی شکاو فەوتا, لەم سەردەمەیشدا گەلێك کەس بڕوایان بەو پێشبینییانە هەیە کە لەڕێگەی بورجەکانەوە دەیخوێننەوە یان دەیبیستن.

## شیعرو فاڵ

دەڵێن کە کەریم خانی زەند پێش ئابلۆقەی یەکێك لەشارەکان بۆ دەستپێکردنی ئەو کارە, چووە زیارەتی حافزوو کتێبی حافزی کردەوەو فاڵی گرتەوە ئەم شیعرەی بۆ دەرچوو:

ساقی بەنور بادە بدا فروز جام ما

مطرب بزن کە کار جهان شد بەکام ما

واتە( ساقی بەڕووناکی شەراب جامی ئێمە ڕووناك بکە تە پڵ لێدەر لێدە کە کاری دنیا بەدڵی ئێمەیە ).

کەریم خان زۆرپێی شادبوو...دیوانی حافزی ماچکردوو لەجێگەی خۆی داینا, هەرچەند پێشترنائومێد بوو ئە مجارە بەیەکجارەکی پلانی بۆ گرتنی ئەوشارە داناو لە کارەکەی سەرکەوت.

هەروەها لە ساڵی1052ه.ق محەمەد دارابی چوو بۆ ئەحمەد ئاوا لە هیندستان لەوێدا لەگەڵ یەکێك بەناوی کەنعان بەگ کە لە پیاوە گەورەکانی ئەوشارەبوو... ئەو برایەکی هەبوو ناوی یووسف بەگ بوو کە بۆ شەڕ ڕۆیشتبوو ماوەیەك هیچ هەواڵێکی لێ

**نەبوو هەموو ئەو کەسانەی کە لەو شەڕە بەشداربوون ئەویان بەکوژراو لەقەڵەم دەدا, بەڵام براکەی ئارامی لەبەربڕابوو, دڵی ئۆقرەی نەدەگرت تاکوو لە دواییدا بۆ زانینی حاڵی براکەی لە دیوانی حافز فاڵیان بۆ گرتەوەو لە پاش ماوەیەك دوای ئەو فاڵە براکەی گەڕایەوە.**

یووسف گم گشته جاز اید بەکنعان

کلبەء احزان شود روزی گلّستان غم مخور

**واتە( یووسف بزربوو دیسان دەگەڕێتەوە بۆ لای کەنعان و کەلاوەی خەمتان ڕۆژێك دەبێتە باخی گوڵ خەم مەخۆ).**

**هەروەها(عێل بەگی جاف) ئەم شاعیرە ساڵی(1478ز) لەدایك بووەو ساڵی(1541ز) کۆچی دوایی کردووە, ئەم زاتە لەسەرەتاکانی سەدەی پانزەهەمدا لەچەند پارچە شیعرێکدا پێشبینی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی سەدەکانی داهاتووی ئێرانی کردووە, عێل بەگی جاف لە پارچە شیعرێکدا بەوردی باسی زەمانی نادرشا دەکات لەئێرانداو دەڵێت:-**

**ئێران پڕلە ئاگردەبێ**

**حوکمی سوڵتان قاهیر دەبێ**

**ستەم لەخەڵك صادر دەبێ**

**دەور دەوری نادر دەبێ**

**هەروابووەو هەروا دەبێ**

**(نوستراداmووس)یش لەئاست جیهاندا کەسێکی دیارو ناسراوە, پێشبینیەکانی(نوستراداmووس/1506-1566) لەبارەی روداوەکانی جیهانەوە لەماوەی پێنج سەدەدا ناکرێت باس نەکرێت, پێشبینییەکانی ناوبانگێکی گەورەیان هەیەو لەسەرجەم وڵاتانی ڕۆژئاوادا سەدان جار لەچاپ دراونەتەوە, ژمارەیان(100) چوارینەی شیعری گەردونی چڕوو ئاڵۆزەو دەکرێت چەندین**




**ماناو ناوەڕۆکی جیاوازیان بۆ دابنرێت, هەرچەندە زۆربەیان زۆر ئاشکراو راشکاوانە ناوەکان دەهێنێت و لەرووی جوگرافییەوە وردو دیارن وەکو لە چوارینەکاندا دەردەکەوێت زۆر بەروونی ناوی(هیتلەرو فرانکۆ) هاتووە.**

**سەبارەت بەلەدایکبوونی هیتلەر دەڵێت:(لەو پەڕی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای ڕۆژئاوا منداڵێك لە دایك و باوکێکی هەژارەوە لەدایك دەبێت و وتارەکانی تەلیسماوین و جەماوەر دەخرۆشێت و هەرایەك دەنێتەوە لەسەر دەسەڵات لەڕۆژهەڵاتدا).**

**هەروەها (دڵشاد مەریوانی) شەهیدیش بەشیعرێك پێشبینی**

چارەنووسی  خۆی کردبوو کە پێی وابوو دەکوژرێت و لەسارایەك فڕێ دەدرێت, کەس نازانێت تەرمی کامە قاچاخچییە یان کامە پێغەمبەری یاساغچییە پێشبینییەکەی دروست دەرچوو بەعس گرتی و شوێن بزری کرد

## خەون و پێشبینی

شەوێك( ئەبراهام لنکۆڵن )ی کۆنە سەرۆکی ئەمریکا خەونی بەوەوە بینی لەیەکێك لە ژووره گەورەکانی کۆشکی سپی پیاسە دەکات و چاوی بەلاشەیەك دەکەوێت و قیژەیەکی گەورە دەبیستێت کاتێك لنکۆڵن لەخەونەکەیدا لەیەکێك لە پاسەوانەکان دەپرسێت ئەوە چییە؟ پاسەوانەکەش بەوە وەڵامی دەداتەوە کە ( ئەبراهام لنکۆڵن )ی سەرۆك تیرۆر کراوە.

کاتێکیش لنکۆڵن بەرەبەیان لەخەو هەڵدەستێت لەهەمان رۆژدا لەهۆڵی یەکێك لەشانۆکانی ئەمریکا تیرۆر دەکرێت.

هەروەها میخائیل لۆمۆنۆسۆف جارێکیان کە لەئەڵمانیاوە دەگەڕێتەوە بۆماڵەوە لەخەویدا دەبینێت بەلەمەکەی باوکی لەئۆقیانوسی بەستەڵەکدا تێك دەشکێت و لە دوورگەیەکی چۆڵدا دەگیرسێتەوە..لۆمۆنۆسۆڤ کاتی خۆی بەمنداڵی لەگەڵ باوکیدا جارێك چووبووە ئەو دوورگەیە هەرکە دەگاتە ماڵەوە دەبیستێت باوکی لەگەڵ چەند راوچییەکی تردا چوون بۆ راوەماسی و نەگەڕاونەتەوە..لۆمۆنۆسۆڤ نیگەران دەبێت و بەدووروو درێژی وەسفی دوورگەکە بۆ براکەی دەکات و دەینێرێت بەدوای سۆراخی باوکیدا لەراستیدا راوچییەکان لەهەمان ئەو دوورگەیە تەرمەکەی باوکی لۆمۆنۆسۆڤ دەدۆزنەوە.



## سەرئەنجام

باوەڕبوون یان نەبوون بەفاڵ و فاڵگرتنەوە و پێشبینی رووداني هەر رووداوێك بەرلە رووداني دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕاو عەقڵیەتی مرۆڤەکان ئاینەکان رێگەمان نادەن متمانە بەفاڵ و فاڵگرەوەکان بکەین, بەڵام بەڵگەی عەقڵانی و مەنتیقیانەش بڕوابوونمان بەو پێشبینییانە بەهێز دەکات دەربارەی سەرۆکی پێشووی رووسیا( بۆریس یەڵتسن )ەوە( باوڵ فۆنتانۆف )کە وتەبێژی رۆژنامەنووسی رابردووی یەڵتسن بووە دەڵێت:-

"یەڵتسن باوەڕی تەواوی بەئەستێرەناسی و خوێندنەوەی غەیب و توانا نائاساییەکانی فاڵچی و ئەستێرەناسان هەیە, بۆیە پێش دەرکردنی هەر بڕیارێکی چارەنووسساز, سەریان لێدەدات و وتووێژیان لەگەڵدا دەکات و رایان وەردەگرێت".


سەرچاوەکان

1- رامان/ژمارە20,فاڵ و فاڵگرتنەوە/و:هاشم داودی

2- یەکگرتوو/ژمارە44,بۆریس یەڵتسن, ئالوودەی ( مەی )ەو باوەڕی بەئەستێرە ناسیو فاڵچێتی هەیە.

3- ئێوارە گولان, ژمارە49

4- رامان/ژمارە51, پاراسایکۆلۆجی وەك چەمك و واقیع و مێژوو, سابیر بەکر بۆکانی.